
# له نێوان مەعریفەو چێژدا



دڵ ئیدراکی حەقیقەت بێ بەشە بێ داغی عیشق
(مـــەحـــویا) دانا دەبێ بەم چاوە بینایی بـکا
**(مەحوی)**

**خەسرەو میراودەلی**

هەوڵدان بۆ گەیشتن بەئاسوودەییو شادومانیو چێژی زیاتر، هەمیشە ئامانجی مرۆڤەكان بووە بەدرێژایی ماوەی تەمەنیان، لەبەر ئەوە لێكۆڵینەوە لە (چێژ) وەك بابەتێكی گرنگ لە بەراییەكانی بیركردنەوەی فەلسەفییەوە مرۆڤی سەرقاڵ كردووەو لە ئیتیك (فەلسەفەی ئەخلاق)دا وەك مەسەلەیەكی سەرەكی سەیر كراوە. لێرەوە گەڕان بەدوای ماناو ماهیەتی چێژدا بەزەرووڕەت گەڕانیشە بەدوای چێژو لەزەتی مانادا، وەك چۆن لە هەمان كاتدا ڕۆچوونیشە بەقووڵایی مانادا. گەر ئێمە بەدوای مانای چێژیشەوە نەبین، ڕەنگە چێژوەرگرتنمان بێمانا یاخود بەرتەسكو سنوردار ببێتو ببێت بەجۆرێك لە ڕۆتین.

بەمانایەكی دیكە، ئەگەر هەوڵی نوێكردنەوەو گۆڕانو پەرەپێدانی پێداویستییەكانی مرۆڤ خەمی بەردەوامی بێت، ئەوا ناكرێ (چێژ)یش لە چوارچێوەی ئەم هەوڵانە بهێنرێتە دەرەوەو بەهەند نەگیرێت. وەك دیاریشە هاوڕێو هاوتەریب لەگەڵ گەشەكردنی شارستانیەتی مرۆڤ و توانا عەقڵیو ڕۆحییەكانی، چوارچێوەی چێژ

وەرگرتنیشی فراوانتر دەبێتو شێوازەکەشی لە گۆراندا دەبێت. هەروەها کە مرۆڤ لە گەرانیدا مانادا خودی خۆی وەك مرۆڤ کردبێتە بابەتێك بۆ لێکۆڵینەوە ئەوا ئەو مرۆڤە کە بۆتە بابەتی لێکۆڵینەوە، بوونەوەرێکی زۆر هەستیارو ئاڵۆزو پڕ پێداویستییەو بەسروشت یاخیو سەرکەشەو سرەوتنو گەیشتن بەقەناعەت ناناسێو ئۆقرە ناگرێتو بەردەوام لە نێوان لەزەتو ئازاردا دێتو دەچێت. کەواتە ناکرێ دەستکاریکردنی شێوازی ژیانی مرۆڤ لە دەستکاریکردنی ئاستو ستایلی چێژوەرگرتنی دابڕێت، دیارە ئەو دەستکاریکردنەش لە دەرەوەی عەقڵو مەعریفەو دابڕاو لێیان بەئاکام ناگاتو نایەتەدی.

## هەڵوێستەیەك لەسەر ناونیشانی بابەتەکە

دانانی وشەی چێژ لێرەدا بەمانا باو و دیاریکراوەکە نییە، واتە وەك هاو واتایەك لەبەرامبەر ئەو وشانەدا دانەنراوە کە لە زمانی عەرەبیدا مانای چێژ دەگەیەنن لە نموونەی وشەکانی: (لذّة)ء (متعة)ء (ذوق)، بەڵکو بەمانایەکی تەواو گشتگیر بەکارهاتووە، واتە بەو مەبەستە بەکارهاتووە کە سەرجەم ئەو جۆرە جیاوازیانەی چێژوەرگرتن بگرێتەوە کە مایەی بەخشینی ئاسودەییو خۆشیو شادمانین بەمرۆڤو لە رووی جەستەییو دەروونو گیانییەوە ئارامی پێدەبەخشن دەبنە هۆی حەساندنەوەی، گەرچی لە میانی تەوەرەکانی بابەتەکەوە زیاتر لایەنە دەروونیو گیانییەکە دەرکەوتووە، کە دیارە ئەمەش بۆ ئەو پانتایی فراوانە دەگرێتەوە کە ئەم لایەنە داگیری کردووەو ئەو رۆڵەی کە دەیبینێت. واتە بابەتی چێژو ئارامیو ئاسودەیی بەزۆری لایەنە رۆحییەکە دەگرێتەوە.

بەم پێیەش وشەی (چێژ) لێرەدا لەپاڵ وشەکانی (لذة)ء (ذوق)ء (متعة)دا کە باسکران، وشەکانی (خۆشەویستی: حبّ)و (عشق)و (ئارامی: اطمئنان)و (.......: نشوه)ش دەگرێتەوە.

سەبارەت بە بەکارهێنانی وشەی (مەعریفە)ش، وەك دیارە ئەم وشەیە (زانیاری) بەمانا فراوانو گشتگیرەکەی دەگرێتەوەو فراوانترە لە مانای دیاریکراوی عەقڵو زانست. واتە بۆ نموونە ئەم ناونیشانە (لە نێوان چێژو مەعریفەدا) گشتگیرتر لە ناونیشانی (لە نێوان عەقڵو عەشق)دا.

## داهێنانی ئەدەبیو هونەریو گەران بەدوای چێژدا

لە بەڵگە ئاشکراکانی پتەویی پەیوەندیی نێوان مەعریفەو چێژ، پێداویستی ئەدەبو ژانەکانیو هونەرو لقەکانیەتی بەقووڵبوونەوەو رۆچوون بەهزرداو هەوڵدان بۆ بەرهەمهێنانی جۆرێك لە فیکر، کە مایەی دەوڵەمەندیو بەردەوامییان بێت لە بەرهەمو بەخششو داهێناندا.. دیارە کە تەنیا ئەو ئەدەبە رەگی ئافراندنی قووڵو ئاسۆی روانینی فراوانە کە لە ناو بەلاغەتی زماندا بەدوای فیکردا وێڵەو لە فیکریشدا بۆ بەلاغەتی زمان دەگەرێ. هەمیشەو بەردەوام لە هەوڵی تۆخکردنەوەی جەدەلی فیکرو زماندایە.

هونەرو داهێنانی هونەری بەگشتی، کە سەرچاوەی سەرەکیی دەستکەوتنی چێژی مەعنەویین لای مرۆڤ، وەك دەبینین لای ئەو میللەتانە لە لوتکەدایە کە لە چڵەپۆپەی چێژی ماددیو پێشکەوتنی تەکنیکیو زانستیو مەعریفیدا دەژین.

ئەرکی هونەر لە یەك کاتدا گەرانە بەدوای (میتاچێژ)و (میتامانا)شدا، گەرانە بەدوای (میتاچێژ: ئەودیو چێژ)دا، چونکە بە چێژی رووکەشو مەئلوف رازی نییەو گەرانیشە بەدوای (میتامانا)دا، لەبەر ئەوەی جۆرێکە لە رۆچوونی قووڵی زەینیانە. لێرەدا وەك دەبینین (میتاچێژ)و (میتامانا) دەگەنەوە بەیەکتری، واتە چێژو مانا لە قووڵاییدا یەك ریشەو سەرچاوەیان هەیە.

هەر لێرەشەوەیە هونەرمەند ناچاری ئاوردانەوە لە فەلسەفە دەبێو فەیلەسوفانیش بەناچاری ماهییەتو جەوهەری هونەرو کارو ئافراندنی ئەدەبیو هونەری دەکەن بەیەکێك لە کایە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوەو گرنگیپێدانیان.

**سۆفیگەرێتی.. عەشق.. زمان**

(زمان وەك ئامرازێك بۆ كەشفكردنی چێژو جوانیی مەعشوق‌و قووڵبوونەوە لە مانادا)

كاتێك مرۆڤ (سۆفی) هەستدەكات دەستەوەستانە لە گوزارشتكردن لە ماهییەت‌و جەوهەرو ئەفسوونی (ئافرەت)و دڵنیا دەبێت لەوەی بێئومێدە لە گەیشتن بە نهێنییەكانی‌و كاریگەرییەكەشی لەسەری زۆر بەهێزەو بەرادەیەكی چاوەڕواننەكراو دەكەوێتە ژێر فشاریەوە، لەم دۆخەدا پەنا بۆ (خودا) دەبات‌و لە عەشقی ئەودا دەتوێتەوەو فەنا دەبێت، بەڵكو تینوێتییەكەی تێر بكات، دیارە ئەم پرۆسەیە نائاگایانە بەئەنجام دەگات، بەو مانایەی كەسی (سۆفی) نازانێت كە لە خودادا بۆ ژن‌و بۆ خۆیش دەگەڕێت، دیارە فاكتەرو مۆتیڤی ئەم عەشق‌و گەڕانەی سۆفی بەشێوەیەكی بەردەوام (ژن) نییە، بەڵام روویداوە كە عەشقی ژن بۆ خودا وەرچەخاوەو لەم رووەوە نموونەگەلێكمان لە مێژوودا هەیە، لێرەدا ئیبن عەرەبی پێی وایە (خۆشەویستیی ژنان بەشێكە لە كامڵبوونی عاریف، لەبەر ئەوەی میراتی پێغەمبەرەو خۆشویستییەكی خوداییشە (لەهەمان كاتدا)و ژن لای ئیبن نهێنیی خودای بەبەزەیی كەشف دەكات)[1].

لێرەدا لەلایەكەوە (زمان) لە سۆفیگەرێتیدا دەگاتە ئاستێكی ئەفسوناوی، كە هەمیشە هونەرو ئەدەب وەك بەرهەمهێنی جۆرێك لە سیحرو ئەفسانەو بەمەبەستی گەیشتن بەباڵابوون بۆی دەگەڕێنەوەو پەنای بۆ دەبەن، لەلایەكی دیكەشەوە هەست بەبوونی جۆرێك لە عەشق‌و كاردانەوەكەی بۆ سەر هەست‌و نەستی هونەرمەند (سۆفی) دەكرێت كە بەرادەیەك سەرسامی دەكات، دەیگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی مەحاڵە لە بوونەوەرێكی مرۆییدا كە خاوەنی تەمەن‌و توانای دیاریكراوەو عەشقەكەشی (مەجازی) واتە ناحەقیقییە (دیارە ناحەقیقیبوون لێرەدا مانای نەبوونی نەمری‌و بەردەوامی‌و ناكامڵی دەگەیەنێت)، حەقیقەتی ئەو عەشقە بوونی هەبێت‌و لە ئاكامدا بەرەو (عەشقی حەقیقی) دەبیات كە عەشقێكی باڵاو بەردەوامەو ئەوە لە راستیدا (خودا) خۆیەتی‌و عەشق‌و كاریگەریی ئەوە لەو ئافرەتەدا بەرجەستە بووە! هەر بۆیە تەنیاو تەنیا هەر دەبێ لە (خودا)دا بۆی بگەڕێ‌و سۆراخی بكات!

لە سۆفیگەرێتیدا چەندە (عەشق) دەبێتە فاكتەر بۆ (مەعریفە)، ئەوەندەش (مەعریفە) دەبێتە هۆكاری بەرجەستەبوون‌و بەهێزبوونی ئەو (عەشق)ەو قووڵبوونەوەو رۆچوونی.

**سۆزو فیكر**

لای زۆرێك لە خەڵكی ئەو قەناعەتە باوە كە (عاتیفە) دابراوە لە (عەقڵ‌و بیركردنەوە)و بەتەواوی لە دوو دنیای جودادان‌و مومكین نییە هیچ رایەڵێك بەیەكیانەوە ببەستێتەوەو لە یەكتریان نزیك بكاتەوە، دیارە ئەم هەڵوێستە لە تێڕوانینێكی سادەوە لەبەرامبەر (سۆز)دا هاتووە، بێئاگا لەو نهێنییانەی لە قوڵاییەكانیدا حەشاردراوە (بەگەڕانەوە بۆ مێژووی ئەم بۆچوونە بۆمان دەردەكەوێت كە (ئەم رایە لە بنەڕەتدا لە یۆنانییەكانەوە پشتاوپشت بۆمان ماوەتەوە، لەو سۆنگەیەوە كە نموونەی باڵا لای فەیلەسوفی یۆنانی لە بیركردنەوەیدا ئەوە بووە كە بیركردنەوەكەی رامانێكی رووت‌و بێگەردی وابێت كە (خود) هیچ پەیوەندییەكی بەدیاریكردنی چۆنیەتییەكانییەوە نەبێت)[2].

ئەمە لە كاتێكدا كە (عاتیفە بەتواناترە لە دەرككردندا، چونكە لە خودەوە سەرچاوە دەگرێت پتر لەوەی لە عەقڵەوە هاتبێت، خودیش تاكە راستییەكە لە بوونی حەقیقیدا، لە بەرامبەر بوونی فیزیكیدا، كە خۆشەویستیش لە دیارترین گوتەزاكانی عاتیفەو سۆز بێت، ئەوا یەكێكە لە بەتواناكانیان بەسەر دەستخستنی مەعریفەدا، ئەگەر بەتوانترینیشیان نەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە كە خۆشەویستیی پتر لەوانی دی لەگەڵ بابەتەكەدایە، لەبەر ئەوە هەمیشە ئەم مەیلەی هەیە بۆ ئیدراك، چونكە ئیدراك مانای وەرگرتنی ئاراستەی خودە بەرەو بابەت)[3].

بەلای (بێرگسۆن)یشەوە (جەوهەری داهێنان ئەو هەڵچوون (انفعال)ەیە، كە كۆدێتایەكی عاتیفییە لە دەروونداٰ)[4].

واتە عاتیفە تەنیا سۆزێكی سادەو حەزكردنێكی رووتی رووكەش نییە لە ئاست دیاردەو مەسەلەكاندا،

چونكە جۆش‌و خرۆشێكی زۆر بەهێزەو ناخی دڵو مێشك‌و هەست‌و نەستی مرۆڤ دەهەژێنێ‌و بەرەو درككردنی نهێنییەكان ئاراستەی دەكات.

یەكێك لەو هۆكارانەی بۆتە هۆی دروستكردنی ئەم دابرینە لە نێوان (سۆز)و (ئەقڵ)دا، دانانی (سۆز)ە بەبابەتی (دڵ)و (بیركردنەوە)و درككردنی نهێنییەكان بەبابەتی (عەقڵو مێشك).

ئەدۆنیسی شاعیرو بیریاری مەزنی عەرەب سەبارەت بەم بابەتە دەڵێت:

(من وایدەبینم دەبێ ئەقڵ دڵی دووەم بێت)[٥]

هەروەها دەڵێت:

(لە نێو جەستەی مرۆڤدا هیچ پێوەرێك نییە بڵێت: لێرە دڵ دەست پێ دەكات‌و لێرەش ئەقڵ دەست پێ دەكات (......) حەقیقەت ئەوەیە كە بوونەوەری مرۆیی دابەشبوون قبووڵ ناكات. ئەقڵ لە میانی دڵەوە تێدەپەڕێت‌و دڵیش لە میانی ئەقڵەوە)[٦].

**مەعریفە وەك چێژ، هێڵی جیاكەرەوەی مەعریفە لەئایدیۆلۆژیا**

چێژ وەك ئامانجی سەرەكی لە مەعریفەدا، واتە خولیاو شەیدایی زانین، ئەو فاكتەرە گرنگەیە كە (مەعریفە) وەك خەم‌و هەوڵی كەشفكردن لە (ئایدیۆلۆژیا) جیادەكاتەوە، كە بەرژەوەندگەراو لادەرە لە ئامانجی راستەقینەی زانین.

واتە لای كەسێك كە عاشقی مەعریفەیەو چێژێكی تایبەتی تێدا بەدی دەكات‌و پێش دەستكەوتنی بەرژەوەندییە ئابووری‌و كولتوری‌و كۆمەلایەتی‌و سیاسی‌و...انەی كە ئەو هەوڵو داهێنانە زانستی‌و مەعریفییە دەبێتە هۆی پێشكەوتن‌و بەدەستهێنانیان، بەڵكو رەنگە لێرەدا (چێژ) بە تاكە ئامانجیش دابنرێت نەك یەكەمین ئامانج.

لە بەرامبەرداو لە كاتی نەبوونی عەشق بۆ زانین‌و بەهەندنەگرتنی ئەو چێژەی لێوەی پەیدا دەبێت، مەعریفە لە ئامانجی سەرەكیی خۆی كە مەعریفەكە خۆیەتی لادەدات‌و لێرەدا بەشێوەیەكی سروشتی رەهەندە بەرژەوەند گەراییەكە لە پاڵ دەستنەخستنی مەعریفەكەدا بەرەو جۆرێك لە پاشەكشێی مەعریفی‌و دیكتاتۆریەتی مەعریفی‌و ترسناكترین جۆری تیرۆری دەبات كە تیرۆری مەعریفییە.

وەك ئاشكراشە وشەی (فەلسەفە)، كە لە سەرەتادا كۆكەرەوەی سەرجەم جۆرەكانی زانست‌و مەعریفە بووە، بەمانای (خۆشویستنی حیكمەت) دێت، واتە بوونی خۆشەویستی زەرورەتێكی حەتمییە بۆ دەستخستنی حیكمەت‌و دانایی‌و كاركردن لە بواری مەعریفەدا، لەمەش بەولاوە (هایدگەر سورە لەسەر ئەوەی ئەم وشەیە هەڵبگێرێتەوەو بڵێت فەلسەفە (حیكمەتی خۆشەویستی)یە!![٧] واتە نەك هەر دەبێت خۆشەویستی وەك هۆكارو پاڵنەرێك بۆ حیكمەت لە ئارادا بێت، بەڵكو دەبێ خۆشەویستی ببێتە ئامانج‌و بابەتی سەرەكی ئەو كاتە بەحیكمەت دەگەین.

**دوالیزمی (چێژ)و (ئازار)**

هیچ جۆرە (چێژ)ێك كە مرۆڤ دەستی دەكەوێت خاڵی نییە لە ئازار، بەتایبەتیش كە ئێمە لێرەدا لەو جۆرە لە (چێژ) دەگەین كە لە گەیشتن بەمەعریفەو قووڵاییەكانی رۆحی مرۆییدا پێی دەگەین، واتە خودی ئامانجەكە بۆ خۆی ئاشكرای دەكات كە ئەو (چێژ)ەی لەگەڵیدا دركی پێ دەكەین ناكرێ هاورێ نەبێت بەئازارو موعانات‌و مەینەتییەكی زۆر. دیارە ئەوەی دەسكەوتی گەورە جیادەكاتەوە چەشتنی ئازاری سەخت‌و جیاوازە، بەڵكو خودی ئازارەكەو بەر لەگەیشتن بە ئامانج‌و دەسكەوتەكە ئاوێتەیە بە چێژێكی زۆر، چێژو ئاسودەییەك كە ئومێدو هیوای گەیشتن بەمەبەست مۆتیڤ‌و خوڵقێنەریەتی.

(ئەوەی هەمیشە تێبینی دەكرێت ئەوەیە كە ئێمە هەست ناكەین كە (بەختەوەرین) تەنیا ئەو كاتە نەبێت كە لەو (بەختەوەری)یە جیادەبینەوە كە نقووم بووین تێیدا: (لەوانەشە هۆكاری ئەمە ئەوە بێت كە بەختەوەری جۆرێك لە گونجان لە نێوان (خود)و (جیهانی دەرەكی)دا دروست دەكات، كە دەبێتە هۆی ئەوەی خود خۆی

لەبیربچێتەوە، بەڵام (ئازار) دەبێ لە پەنایەکدا گۆشەگیرمان بکات، لەبەرئەوەی کاتێك تاکی هۆش‌و خەم‌و گرنگیپێدانی خۆی ئاراستەی ئەو ئاگرە ناوەکییە بکات، کە لە هەناویدا کڵپە دەستێنێت!؟[8] ئەگەر زۆرێك لە بڕیاردانی گرنگی (ئازار)دا، لەبەر ئەوە بووە کە لەوە تێگەیشتوون کە ئەو ئازارە دەروونیانەی دەیانچێژین هەموو فەردییەت‌و رەسەنایەتییەك بەبوونی شەخسیی‌و تایبەتیمان دەبەخشن. لە راستیشدا (ئەزموونی ئازار) لایەنە تایبەتییەکەی بوونمان زەق دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی (خود: الذات) -زۆربەی جار- ناچار دەکات بەقووڵاییەکانی بوونیدا رۆبچێت، لە پێناوی کارکردن لەسەر ئەوەی ئەم بوونە لە خۆی دەگرێت لە (بەها)[9].

دیارە باسکردنی ئازار لێرەداو دەرخستنی ئەرك‌و رۆڵ‌و گرنگییەکی لە گرنگی (چێژو بەختەوەری) کەمناکاتەوە بەقەدەر ئەوەی ئەوە دەردەخات کە ئەو چێژو بەختەوەرییە نابێ بۆ هەمیشەو بەردەوام‌و دابڕاو لە ئازار بێت، چێژ لە بنەڕەتدا مانایەو بەهایەکی نابێت.. ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی دیکەشەوە ئەو چێژو بەختەوەرییەی دابڕاوە لە ئازار لە پێناو خودی چێژ خۆیدا بەشێوەیەکی پەتی‌و رووت لەبەر ئەوەی خاڵییە لە ئامانج، هەروەها زیاتر ئەو جۆرو شێوانە لە چێژو لەزەت دەگرنەوە، کە تەنیا تەرفیهین‌و مرۆڤ لەگەڵیاندا هاوڕێ نابێت بەدرککردن‌و لێوردبوونەوە. باسەکەی ئێمەش زیاتر بۆ هەوڵەکانی داهێنانەو رووە مەعریفی‌و رۆحییەکە دەگرێتەوە، واتە چەشتنی چێژو درککردنیش بەئازار بەمانا قووڵ‌و بەهێزەکەی.


**سەرچاوەکان:**

١.انا ماري شيمل، الابعاد الصوفية في الاسلام وتأريخ التصوف، ترجمة محمد اسماعيل السيد ورضا حامد قطب، منشورات الجمل، كولونيا (المانيا)– بغداد ٢٠٠٦، الطبعة الاولي، ص٤٩٩.

٢.عبدالرحمن بدوي، الموت والعبقرية، ص٤٤.

٣.هەمان سەرچاوە، ل٥٣.

٤.الدكتور ابو طالب محمد سعيد، علم النفس الفني، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، مطبعة التعليم العالي بالموصل، ١٩٩٠، ص١٤٩.

٥.ئەدۆنیس، شوناسی تەواو نەکراو، (داهێنان، ئایین، سیاسەت، سێکس)، وەرگێڕانی: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، لە بڵاوکراوەکانی پاشکۆی رەخنەی چاودێر، ژمارە(٨)، ٢٠٠٨، ل٦٧.

٦.هەمان سەرچاوە، ل١٠٨.

٧.الدكتور زكريا ابراهيم، مشكلة الحب، سلسلة مشكلات فلسفية(٥)، دار مصر للطباعة، الطبعة الثانية، ١٩٧٠، ص٣٥.

٨.الدكتور زكريا ابراهيم، المشكلة الخلقية، سلسلة مشكلات فلسفية(٦)، دار مصر للطباعة، الطبعة الثانية ١٩٧٥، ص٢٤٠.

٩.هەمان سەرچاوە، ل(٢٤١-٢٤٢).